گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پراگماتیک و واتا دیاریکردن لە زمانی کوردیدا

## هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر

**شەیما صابر حسین**
وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی , هەولێر ، هەرێمی کوردستان عێراق
shaymasabir79@gmail.com

**پ. د. عبدالواحد مشیر مەحمود دزەیی**
بەشی زمانی کوردی ، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان عێراق
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٥/٤/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٦/٢٣
بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Meaning, pragmatics meaning change ، ،meaning, External fixing*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.8

## پوختە

ناونیشــانی باســەکە بریتییە لە (پراگماتیک و واتا دیاریکردن لە زمـانی کوردیـدا) کـارتێکەرەدەرەکییەکـان هۆکـاری ســەرەکین بۆ نەگەیشتن بە واتای تەواو یان واتای رەهای وشە و رستە ، کارتێکەرە دەرەکییەکـانیش بریتین لە : جوڵانەوەی جەســتە و هەڵچوون و ئاوازەی دەنگ و رۆڵی ئاخێوەران و پەیوەندی پێشینەی ئاخێوەران و ژینگەی ماددی و ......هتد .

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بایەخ بە جێگیرکردنی واتا دەدات، چونکە ناجێگیری واتا بۆتە کێشە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا و لێلی و خراپ تێگەیشــتن دێنێتە ئاراوە و بۆتە لایەنێکی نەرێنی زمان. ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەوەدەکات کە پراگماتیک رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی واتا بە گرنگیـدان بەو چوارچێوەیەی کە زمان تێیـدا بەکاردەهێنرێت. پراگماتیک لە واتای وشـەیی ڕستەکان تێدەپەڕێت بۆ تێگەیشــتن لەو مەبەســت و واتا ناڕاســتەوخۆیانەی کە لەلایەن دەوروبەرەوە لە قاڵب دەدرێن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە . لە چوارچێوەی تیۆری پراگماتیکدا (pragmatics) ئەنجام ئەنجامدراوە ، کە باس لە کاریگەری کارتێکەرە دەرەکییەکان لەسەر تێگەیشتنی واتای وشە و ڕستە، چونکە ئەم تیۆرە پێی وایە واتا بەرهەمی کارلێکی نێوان زمان و دەوروبەرە .
ناوەرۆکی باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە واتا و گۆڕانی واتا دەکات ، بەشی دووەمیش باس لە جێگیرکردنی واتا بە پراگماتیک دەکات، لەگەڵ خستنەڕووی کورتەیەک بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

## پێشەکی:

### -ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پراگماتیک و واتادیاریکردن لە زمانی کوردیدا) باس لەو فاکتەرە پراگماتیکییانە دەکات، کە دەبنە هۆی جێگیرکردنی واتا .

### -گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بایەخ بە جێگیرکردنی واتا دەدات، چونکە ناجێگیری واتا بۆتە کێشە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا و لێلی و خراپتێگەیشتن دێنێتە ئاراوە و بۆتە لایەنێکی نەرێنی زمان.

### -ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە واتایەکی دیار و روون و ئاشکرا لە رێگای پراگماتیکەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## -ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری پراگماتیک (pragmatics ) ئەنجام دەدرێت، چونکە ئەم تیۆرە پێی وایە واتا بەرهەمی کارلێکی نێوان زمان و دەوروبەرە .

## -پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی چەند پرسیارێک ئەنجامدراوە:

+ ئایا واتا چەسپاوە یان گۆڕاو ؟
+ واتا بە پێی مەبەست چەند جۆرە ؟
+ ڕۆڵی دەوروبەر چییە لە گۆڕانی واتا ؟
+ واتا چەسپاوە یان ڕێژەیی ؟
+ ڕۆڵی پراگماتیک چییە لە جێگیرکردنی واتا ؟

## -ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت :

بەشی یەکەم تایبەتە بە واتا و گۆڕانی واتا کە ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە : واتای پراگماتیکی، واتای رستە بە پێی مەبەست، گۆڕانی واتا، ڕۆڵی دەوروبەر لە گۆڕانی واتا .

بەشی دووەم : باس لە جێگیرکردنی واتا بە پراگماتیک دەکات و ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە : واتا چەسپاوە یان ڕێژەیی ؟ ڕێژەیی واتا لە وشە و رستەدا، جێگیرکردنی واتا بە پراگماتیک . لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەروو،لەگەڵ خستنەڕووی کورتەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم : واتا و گۆڕانی واتا :

### ١-١- واتای پراگماتیکی :

ئەو واتایەیە کە لە چوارچێوەی کارلێکی نێوان تاکەکاندا و لە دۆخی پەیوەندیکردندا سەرهەڵدەدات، کە واتاکەی پەیوەستە بە هۆکارە دەوروبەرییەکانەوە ، وەک مەبەست (شێرزاد صبری علی:١٧:٢٠١٤)، دۆخی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی قسەکەران لە یەکتر. ئەم واتایە ڕەنگە جیاواز بێت لە واتای سیمانتیکی چونکە جێگیر نییە و بەپێی دەوروبەر ڕەنگە سیماکانی زیاد بکات. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێت :

(١) :

ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشە ؟"

ئەم رستەیە تەنها هەواڵدان و هەستدەربڕین نییە، دەشێ وا لێکبدرێتەوە ئارەزووەک بۆ دەرچوون و سەیرانبێت . هەروەها دەتوانرێت ببێتە گوزارشتێکیش بۆ خۆشی دەربڕین .

بەم پێیە واتای پراگماتیکی واتاییەکی گۆڕاوە و بە مەبەست بەستراوەتەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆدەکرێت .

### ١-٢- واتای ڕستە بە پێی مەبەست :

واتای رستە ئەو واتایەیە لە واتای وشە و کاریگەری ڕێزمانی وەردەگیرێت، بێ گەڕانەوە بۆ مەبەستی ئاخێوەران و ژینگەی قسەکردن.

ئەگەر واتای رستە ببەستینەوە بە مەبەست ئەوا دوو جۆرە واتامان دەبێت :

١-٢-١- واتای مەبەستی قسەکەر:

ئەو واتایەیە کە ئاخێوەر مەبەستییەتی و دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ گوێگر، ئەم جۆرە واتایە لە واتا فەرهەنگییەکە دووردەکەوێتەوە بەڕادەیەك هەندێ جار واتای پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە (محمد علی الخولی:١٥:٢٠٠٠) بۆ نموونە ئەگەر قوتابییەك درەنگ بێتە پۆلەوە و مامۆستاکەی پێی بڵێت:

(٢) :

-ئافەرین هەموو ڕۆژێك ئەوها زوو وەرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر بێت و واتای دەربڕاو لەگەڵ مەبەستی دەربڕاو بەراورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت واتاکەی پێچەوانەیە و مەبەستی واتای زارەکی نییە، چونکە ئەم واتایە لە ژینگەی ئاخاوتنەوە وەردەگیرێت نەك واتای فەرهەنگی وشەکان.

ئەم رستانەی لەیەکەم چاوپێکەوتندا دەگوترێت نموونەی ئەم جۆرە رستانەن وەك:

(٣) :

أ- رۆژێکی خۆشە.

ب- باران بە خوڕ دەبارێت.

ج- رۆژێکی گەرمە.

ئەم رستانەی سەرەوە هیچ زانیارییەکی نەداوەتە بەرامبەرەکەی، کەواتە مەبەست لەم جۆرە رستانە پێ ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو مەبەست لەم جۆرە رستانە پێشەکییەکە بۆ چوونە ناو بابەت و نزیکبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەروازەیەك بۆ یەکترناسین و ...هتد.

١-٢-٢- واتای مەبەستی گوێگر:

زۆر جار دەبینین گوێگر بە واتای رستەیەك تێك دەچێت و تووشی هەڵچوون دەبێت و ئاخێوەر تووشی شۆك و سەرسوڕمان دەبێت لە کاردانەوەی گوێگر، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، گوێگر واتای دەربڕاوی ئاخێوەری بەجۆرێك لێکداوەتەوە کە گونجاو نییە بۆ گوێگر(محمد علی الخولی:٢٠٠٠:١٥) ، بۆیە دەبینین ئاخێوەر ئەوە ڕووندەکاتەوە من ئەم مەبەستەم نەبووە بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بە هاوڕێکەی بڵێیت:

(٤) :

-تۆ راستگۆیت.

ئاخێوەر لەم رستەیەدا مەبەستی دروستی تەواوی رستەکەیە و بەڕاستییەتی، بەڵام گوێگر بە توانجی تێبگات و واتاکە پێچەوانە لێکبداتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەیەکتر نەگەیشتن وەیان خراپ لەیەکتر گەیشتن.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین واتای مەبەست دەکەوێتە دەستی قسەکەر و گوێگر و چۆنی بەکاربێنن و چۆنی لێکبدەنەوە ئەم جۆرە واتایە دەدات دوور لە واتا فەرهەنگییەکەی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٣- گۆڕانی واتا :**

مەبەستمان لە گۆڕانی واتا لایەنە مێژووییەکەی نییە، مەبەستمان ناجێگیری واتای وشەکان بەهۆی بەکارهێنان و کارتێکەرەدەرەکییەکان، هەروەک (Firth) پێی وایە واتای راستەقینەی وشە لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت (lyons:1966:174) گۆڕان کاتێک ڕوودەدات، کە وشەیەک یان دەستەواژەیەک لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا بەکاربهێنرێت یان بکەوێتە ژێر کاریگەری دەرەکی، لە ئەنجامدا تێگەیشتنێکی نوێ یان نەخوازراو لە پەیامەکە دروست دەبێت. ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ڕووبدات .

١-٣-١- رۆڵی دەوروبەر لە گۆڕانی واتا :

هەندێك لە زمانەوانەکان لەوانەش چۆمسکی لێکۆڵینەوەکانیاندا دەوروبەریان دووردەخستەوە چونکە زۆر دەرگای کێشەی بۆدەکردنەوە لەوانەش ناجێگیری واتا (فرانک بالمر:١٩٩٧:٩١) لەبەر وشەکان بۆ تێگەیشتن لە واتاکانیان پشت بە دەوروبەر دەبەستن. بۆ نموونە ڕەنگە وشەی "پیشەساز" بە واتای کەسێک کە کار لەگەڵ پیشەیەکدا بکات، یان بە واتای "لەڕادەبەدەر وردبینی" بەکاربهێنرێت . دەوروبەر ئەو چوارچێوەیە کە وشە، ڕستە یان دەقەکان واتاکانی تێدا دیاریدەکرێت . دەوروبەر دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر واتای وشە یان دەستەواژەکان هەبێت، بەو پێیەی تاکە وشەیەک دەتوانێت واتای جیاوازی هەبێت بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکاردێت .

١-٣-٢- گۆڕانی واتا بەپێی جۆرەکانی دەوروبەر :

١-دەوروبەری زمانی:

ئەم دەوروبەرە پەیوەستە بە سیستەمی زمانی و ڕیزکردنی کەرستەکان (نورالهدی لوشن:٢٠٠٦:٩٨) واتاکەی پەیوەستە بەو ڕستەیە یان دەقەی کە وشەکە تێیدا بەکارهاتووە :

(٥):

أ-چاوی کامیرای لەسەرە . (هاوێنە)

ب- ماوەیەکە چاوەکانم کزبوونە (چاوی مرۆڤ) .

ج-چاو بە چاوان دەکەوێتەوە (مرۆڤ) .

د- چاوم (خۆشەویست) .

لەم رستانەی سەرەوە هەروەک دەبینین هەرجارەی بە واتایەک هاتووە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢- زەمینەی کەلتووری :

کەلتوور کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لە واتاکان هەیە، بە تێپەڕبوونی کات واتای وشەکان لە ئەنجامی گۆڕانی بەکارهێنانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بۆیە پێویستە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دیاریبکرێت (احمد مختار عمر:٢٠٠٦:٧١) بۆ نموونە هەندێک وشە یان دەستەواژە بەپێی کەلتوور واتای جیاوازیان هەبێت . ڕەنگە وشەی (سوپاس) لە هەندێک کولتووردا وەک نیشانەی ڕێزگرتن لە قەڵەم بدرێت، لە کەلتوورەکانی دیکەشدا ڕەنگە وەک داخستنی گفتوگۆکە تێبگەین .

٣- دەوروبەری کاتی :

واتاکە بەپێی ماوەی کات دەگۆڕێت. بۆ نموونە وشەی (تۆزوبا)، پێش ڕاپەڕین تەنها بەواتای تۆز و خۆڵدەهات، ئێستاش بە واتای (شتی دزیاری) یان (ئۆتۆمۆبیلی بێ سەرەتا) دێت .

٤- دەوروبەری کۆمەڵایەتی :

واتاکەی بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت (فرانک بالمر:١٩٩٧:٩٦) بۆ نموونە: وشەی "سەرۆک :"لە چوارچێوەی بازرگانیدا بە واتای بەڕێوەبەری بەرپرسیار دێت لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە واتای سەرکردەی دەوڵەت دێت.

٥- دەوروبەری دەروونی:

ئەم جۆرە دەوروبەرە پەیوەستە بە پلەی هەڵچوون و کاریگەری (نورالهدى لوشن:٢٠٠٦:٩٩) بەندە بە بارودۆخی وەرگرەوە بۆ نموونە: وتنی :

(٦) :

"بەڕاستی؟"

سەرسوڕهێنەرە دەتوانێت بە واتای گومان بێت، لە کاتێکدا بە هەمان وشە دەتوانێت دەربڕینی سەرسوڕمانی ئەرێنی بێت ، هەر لە دەوروبەری دەروونیدا بەکارهێنانی مێتافۆر ڕەنگە تێگەیشتنەکە بگۆڕێت: وەک :

(٧) :

"دەریا ئەمڕۆ تووڕەیە"

بە شێوەیەکی مێتافۆری ئاماژەیە بۆ شەپۆلە بەهێزەکان، لەکاتێکدا واتا فەرهەنگییەکەی تووڕەبوون دەگەیەنێت، کە واتایەکی نائاساییە ئەگەر دەریا ناوی مرۆڤ نەبێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە دەوروبەر تێگەیشتن لە واتاکانە ، چونکە پەیوەندی نێوان وشەیەک و ئەو دۆخەی کە تێیدا دەردەکەوێت دیاری دەکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی لێلی و دڵنیابوون لە پەیوەندییەکی کاریگەر.

## بەشی دووەم : جێگیرکردنی واتا بە پراگماتیک :

### ١-٢ -واتا چەسپاوە یان ڕێژەییە ؟:

سیمانتیك جەخت لەسەر واتای وشە دەكاتەوە و گریمانەی ئەوە دەكات وشە لە سیمانتیكی لێكسیكی دا یەكەیەكی سەرەكی واتایە، بۆ دیاریکردنی واتای وشە، تووشی هەندێ گرفت دەبین هەموو وشەیەك وەك یەك واتای چەسپاویان هەڵنەگرتووە (عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠١٥:٩٣)
واتای سیمانتیکی وشە و ڕستەیەک دەتوانێت تاڕادەیەک بەردەوام بێت، بەڵام هەمیشە نەگۆڕ نییە.

٢-١-١-جەسپاوی واتای وشە و رستە:

وشەکان: زۆرجار واتا ی واتاسازی وشەکان جێگیرە، چونکە لە فەرهەنگەکاندا پێناسە دەکرێن لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆیان دەنوێنن (سالم سلیمان خماش:56:1428) بۆ نموونە وشەی (کچ) هەر بە سیماکانی : (- نێر – هەراش + مرۆڤ ) دەمێنێتەوە ، بۆ نموونە .
(٨) :
وشەی “کتێب” واتە شتێکی فیزیکی، کە لاپەڕەی نووسراوی تێدایە.
وشەی (دار) بە واتای ڕووەکێکە کە لق و گەڵاکانی دارە.
ڕستە: ڕستەی واتادار بەندە بە پێکهاتەی ڕێزمانی و واتا:
“خۆر لە ڕۆژهەڵات هەڵدێت” واتە ڕاستییەکی زانستی دامەزراو و واتادارە .

### ٢-٢- ڕێژەیی واتا لە وشە و رستەدا :

تیۆری بەکارهێنان یەکێکە لە تیۆرییە گرنگەکان لە زمانەوانی و فەلسەفەدا، هەروەها باس لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە زمان دەکات لەسەر بنەمای بەکارهێنانی لە دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیانیدا. ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە مانای وشە و ڕستەکان، نەک تەنها بە یاساکانی زمان یان

پێکهاتەی ڕێزمانی دیاری دەکرێت، بەڵکو بە شـــێوازی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی جیاوازدا دیاری دەکرێت. تیۆری بەکارهێنان پەیوەستە بە فەیلەسوف لودویگ ڤیتگنشتاینەوە، بەتایبەتی لە کتێبی "لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان"دا، کە تێیدا دەڵێت: واتای وشە بەکارهێنانەکەیەتی لە زماندا (موریس ابوناصر:33:1982). بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆری بەکارهێنان بریتین لە :

١-دەوروبەر واتا دیاری دەکات :

وشـــەیەک یان ڕســـتەیەک تەنها کاتێک تێدەگەین، کە ســـەیری ئەو دەوروبەرە بکەین، کە تێیدا بەکارهاتووە :

وشە واتای جێگیری نییە و لە گۆڕاندایە، چونکە واتای وشەکانی تر کار لە واتای وشەکە دەکەن و بەشێك لە واتاکەی لێ ون دەکەن و واتای تری پێدەبەخشن وەك وشەی (خوارد) لەم رستانەی خوارەوە واتاکەی گۆڕاوە:

(٩) :

1-نانی خوارد (نان خواردن)

2-سوێندی خوارد (سوێند خواردن)

3-غەمی خوارد (غەمخواردن)

4-ڕۆژووی خوارد (بەرۆژوو نەبوون)

5-پارەی خوارد (پارە خەرجکردن)

6-جگەرەی خوارد (جگەرەکێشان)

7-لێدانی خوارد (لێدان)

8-داری خوارد (لێدان بەدار)

9-سەری خوارد (خستیە ژێر گڵ)

وشـــەی (خوارد) لە هەریەك لەم بەکارهێنانەی ســـەرەوە واتاکەی جیاوازە (عبدالواحد مشـــیر دزەیی:٢٠١٠:٥٦) .

2-کرداری زمان :

زمان تەنها ســیســتەمێک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەنجامدانی کارەکان (وەک بەڵێندان، داواکردن، ئاگادارکردنەوە و هتد). (Lievinson:1997:240)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3 .گۆڕانکاریی بەردەوام :

بەکارهێنانی زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە لەســەر بنەمای کۆمەڵگە و کەلتوور، زمان دەکاتە بوونێکی زیندوو (جۆرج فندریس:246:1950).

4-پەیوەندی نێوان واتا و بەکارهێنان: وشــەکان واتایەکی جێگیریان نییە، بەڵام واتاکەی بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانی قسەکەران دەگۆڕێت.

ڕەنگە وشەی "کلیل" بە واتای ئامرازێک بێت بۆ کردنەوەی دەرگایەک لە چوارچێوەیەکدا، بەڵام ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەک یان هێمایەک لە چوارچێوەیەکی دیکەدا. لێرەدا واتا بەندە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکە لە گفتوگۆدا.

لە ئاستی وشـەدا: ڕەنگە واتا بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێت یان بەپێی چوارچێوەی کەلتووری ،پێشـتر وشـەی "زیرەکی" بە واتای "بیرتیژی تیژی " بوو، بەڵام ئێسـتا ڕەنگە لە چوارچێوەیەکی تەکنیکیدا بۆ ئاماژەکردن بە زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنرێت.

لە ئاســتی ڕســتەدا: واتای ڕســتەیەک دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی دەوروبەری پراگماتیک، تەنانەت ئەگەر واتای سیمانتیکییەکەی جێگیر بێت وەک ڕستەی :

(١٠) :

ئەمە سەرسوڕهێنەرە "

ڕەنگە بە شـێوەیەکی ڕسـتەیی (لە ڕووی سـیمانتیک) واتای ئەوە بێت کە شـتێکی سـەرنجڕاکێشـە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی ئایرۆنیدا دەتوانێت بە تەواوی پێچەوانەکەی هەبێت .

بۆیە دەتوانین بڵێین :

واتای سیمانتیکی وشە و ڕستە کاتێک بە شێوەیەکی ڕستەیی و وشـەیی سـەیری بکەین، تاڕادەیەک جێگیرە، بەڵام واتای پراگماتیکی وشـە و ڕسـتە گۆڕاوە، چونکە پەیوەسـتە بە مەبەسـت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە، کە لە ڕستەکەدا ڕەنگدەداتەوە .

**٣-٢ -جێگیرکردنی واتا بە پراگماتیک** :

پراگماتیـک ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێـت لە دیـاریکردنی واتـا. بە گرنگیـدان بەو چوارچێوەیەی کە زمان تێیدا بەکاردەهێنرێت. پراگماتیک لە واتای وشــەیی ڕســتەکان تێدەپەڕێت بۆ تێگەیشــتن لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەست و مەبەست و واتا ناڕاستەوخۆیانەی، کە لەلایەن دەوروبەر ەوە لە قاڵب دەدرێن. هەر بۆیەش دەوروبەر تاکە ڕێگایە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست (ستیفن اولمان:63:1986)

(پراگماتیک) ئەو لقە زمانەوانیەیە کە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن دەوروبەر کاریگەری لەسەر واتای گوتنێک دەبێت. پراگماتیک بەشدارە لە دیاریکردنی واتا بە ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی دەرەوەی پێکهاتەی زمانەوانی ڕستەکە بۆ دیاریکردنی واتای ڕستە و وشەیەک و دووڕکەوتنەوە لە ناڕوونی، پێویستە چەند هەنگاوێک پەیڕەو بکرێت :

**٢-٣-١ -تێگەیشتن لە دەوروبەر:**

دەوروبەر کلیلی تێگەیشتن لە واتای دروستە. ڕستەیەک کە دەوترێت یان دەنووسرێت بەزۆری بەپێی ئەو دەوروبەر ە بەڕێوەدەچێت کە تێیدا بەکارهاتووە. چونکە دەوروبەرهەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر ئاخاوتن هەیە (یحی احمد:١٩٨٩:٨٤) بۆ نموونە وشەی :

(١١) :

"ڕێوی "

لە چوارچێوەی ژینگەدا بە واتای ڕێوی بێت، یان لە چوارچێوەیەکی دیکەدا میتافۆر بێت، واتە کەسێکی فێڵبازبێت .

٢-٣-١-١ -دەوروبەری کۆمەڵایەتی :

واتا بە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر دیاری دەکرێت. پەیوەندی نێوان قسەکەران و ئاستی فەرمی و ئامانجی گفتوگۆکە دەگرێتەوە. بۆ نموونە ڕستەی :

(١٢) :

" دەرگا دابخە "

ئەگەر لە چوارچێوەیەکدا وترا، یان وەک پێشنیارێک ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دیکەدا گوترا، تێبگەین.

یان :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(١٣) :

"کتێبەکەم پێ بدە".

ئەگەر بە هاوڕێیەکی نزیک بوترێت ڕەنگە بە داواکارییەکی ئاسایی هەژمار بکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر بە سەرۆکێک بوترێت ڕەنگە بە نەگونجاو هەژمار بکرێت.

**٢-٣-١-٢ -دەوروبەری کەلتووری :**

ڕەنگە هەندێک وشە یان دەستەواژە بە پشتبەستن بە پاشخانی کەلتووری قسەکەر و گوێگر واتای جیاوازیان هەبێت. (Firth:1957:27) بۆ نموونە، ڕەنگە وشـــەی "بەخشـــندەیی" لە چوارچێوەی کەلتووری جۆراوجۆردا بە شێوەیەکی جیاواز لێکبدرێتەوە

**٢-٣-١-٣ -دەوروبەری زمانی :**

پراگماتیک بە پشتبەستن بە پێگەی ڕستەکە لە دەق یان گوتن و گفتوگۆ واتا لێکدەداتەوە بۆ نموونە:

(١٤) :

" کلیلەکەم لەبیر چوو".

ئەگەر لە دەرگایەکی داخراودا بە کەســێک گوترا، لەوانەیە بە واتای داواکاری کردنەوەی دەرگاکە یان داوای یارمەتی بێت. لە کاتێکدا ئەگەر لە کاتی گفتوگۆیەکی ئاساییدا بە هاوڕێیەک بگوترێت، لەوانەیە تەنها گێڕانەوەی زانیاری بێت.

**٢-٣-١-٤ -زمانی جەستە :**

ئاماژە و دەربڕینی دەموچاو و تۆنی دەنگ ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕن لە ڕوونکردنەوەی مەبەســتی پشت قسەکردن. بۆ نموونە وتنی:

(١٥) :

"سوپاس" بە تۆنێکی گاڵتەجاڕانە ڕەنگە بە واتای تەواو پێچەوانەی سوپاسگوزاری بێت.

بەرزکردنەوەی برۆ لەکاتی قسەکردندا ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ گومان یان گاڵتەجاڕی.

٢-٣-٢ -دەستنیشانکردنی واتای گریمانەیی:

هەندێک وشە چەندین واتایان هەیە. بۆ نموونە ڕەنگە وشەی:

(١٦) :

ڕووبار.

ئاماژە بە چەمێکی ئاو بکات، یان ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ لێشاو یان لێشاوی شتێک. بۆیە دەبێت واتای مەبەستدار پشتڕاست بکرێتەوە بە پشتبەستن بە دەوروبەرەکە.

## ٢-٣-٣ -بەکارهێنانی ڕێزمان :

ڕێزمان یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان وشەکان لە ڕستەیەکدا . بۆ نموونە ڕستە لاوەکی و زارەکییەکان یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی بابەت و باسی ڕستەکە، و بەم شێوەیەش واتاکە دیاری دەکات، لێکۆڵینەوە لە بنیاتی واتایی لەپاڵ بنیاتی ڕێزمانی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی و لە ڕێگەیەوە ڕستەی لێڵ ڕوون دەکرێتەوە، چونکە ڕستەی واتایی دوورە لە تەمومژی و فرەواتایی (کیمبسون رات:157:2009)

## ٢-٣-٤ -پشکنین بۆ وشە هاوواتاکان:

ئەگەر گومان لە واتای وشەیەکی دیاریکراو هەبوو، دەتوانرێت لە فەرهەنگدا یان لە ڕێگەی تێگەیشتنی گشتییەوە، هاوواتاکان یان چەند واتایەکی ئەو وشەیە بپشکنرێت.

## ٢-٤-٥ -دوور بکەوەرەوە لە ناڕوونی :

لە کاتی نووسین یان قسەکردندا دەتوانرێت بە ڕوونکردنەوەی واتا بە بەکارهێنانی وشەی زیادە یان دەستەواژەی تەواوکەر دوور بخرێتەوە لە ناڕوونی. بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێیت:

(١٧) :

" سارد بوو"،

دەتوانیت بڵێیت "هێندە سارد بوو هەناسەدان قورس بوو."

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣-٦ -بەکارهێنانی نموونە یان ڕوونکردنەوە :**

بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەیەک یان وشەیەک، دەتوانرێت نموونەی پراکتیکی یان ڕوونکردنەوەی زیادە بەکاربهێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ لابردنی هەر سەرلێشێواوییەک کە ڕەنگە وەرگر هەیبێت. وەک :

(١٨) :

"مزرەمەنییەکان ڕێژەیەکی زۆری ڤیتامین c تێدایە، بۆ نموونە پرتەقاڵ ."

بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە دەتوانیت دوور بکەویتەوە لە ناڕوونی و دڵنیا بیت لەوەی کە واتا بە ڕوونی دەگەیەنرێت.

**٢-٣-٧ -بنەمای هاریکاری و مەبەستەکان :**

بە پشتبەستن بە تیۆری پۆل گریس، قسەکەران بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی وەک ڕوونی و ڕاستگۆیی و کورتی واتا دیاری دەکەن. ئەم بنەمایانە یارمەتیدەرن بۆ باشتر تێگەیشتن لە پەیامەکە.

قسەکەر و گوێگر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاردەکەن بۆ تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینە لە ڕێگەی: (عادل فاخوری:١٩٨٩:١٤٦) :

+ڕوونی (قسەکردن بە ڕوونی).

+کورتی (هیچ درێژییەکی ناپێویست).

+ڕاستگۆیی (ڕاستگۆیی).

+پەیوەندی (پێشکەشکردنی زانیاری دەوروبەر ).

بۆ نموونە:

(١٩) :

أ-تاقیکردنەوەکە چۆن بوو؟

ب: زۆر درێژ بووا!

لێرەدا ئەنجامەکە ڕاستەوخۆ نەگوتراوە، بەڵام گوێگر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێدەگات کە تاقیکردنەوەکە قورس بووە.

**٢-٣-٨- کردەی قسەیی :**

پراگماتیک سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێدەگەین، نەک تەنها ئەوەی کە بە ڕوونی دەوترێت . (L.Ausitin:1970:13) بۆ نموونە:

(٢٠) :

" دەتوانی ئاوم پێ بدەیت؟ "

**٢-٣-٩- نیشانکارەکان :**

نیشـــانکارەکان زمان و دەوروبەر بەیەکەوە گرێدەدەن و لە ســـنووری بۆچوونی ئاماژە کاردەکات و ئـامـاژە بۆ کەس و کـات و شـــوێن و پلەوپـایەی کۆمەڵایەتی و ئـاســـتیـان نیشـــانـدەدات (Formkin&Roman:1983:190)هەرچەندە ڕستەکە وەک پرسـی توانا دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاســـتیدا بە واتای داواکاری ئاو دێت. پراگماتیک یارمەتی دیاریکردنی واتا دەدات بە شـــیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر . تەنها پشـــت بەســـتن بە وشـــەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت لە هەلومەرج و مەبەست و بەستێنە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی دەوروبەر تێبگات بۆ بەدەستهێنانی واتای ڕاستەقینە. واتای پراگماتیک لە واتای وشـەیی وشـەکان تێدەپەڕێت و ئەو واتایە دەگرێتەوە کە قسەکەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستیەتی. بۆ نموونە:

(٢١) :

" ئێرە گەرمە "

ڕەنگە بە واتای داواکارییەکی ناڕاستەوخۆ بێت بۆ کردنەوەی پەنجەرەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام :

١-واتا پەیوەســـتە بە دەورووبەر و بۆیە هەرگیز ناگەینە واتایەکی رەها و جێگیر و دەوروبەریش هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕانی واتا و واتای وشەش بە پێی بەکارهێنان دەچەسپێت.

٢- واتا بە پێی مەبەست دووجۆرە : مەبەستی قسەکەر، مەبەستی گوێگر، واتا لەم نێوەندەدا چۆنی بەکاربێنن و چۆنی لێکبدەنەوە ئەم جۆرە واتایە دەدات دوور لە واتا فەرهەنگییەکەی .

٣- دەورووبەر رۆڵێکی گرنگی هەیە لە گۆڕانی واتا، چونکە واتای لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆڕێت, هەندێك جار جیاوازییەکە بە ئەندازەیەك زۆرە کە پەیوەندییەکی ئەوتۆ یان هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئەو واتایانەدا هەستی پێناکرێت

٤- واتـا رێژەییە لە چەســپـاوی، چونکە واتـا دەکەوێتە ژێرکـاریگەری کـارتێکەرە دەرەکییەکـان، تێگەیشـــتنمان بۆ فۆرمە زمانییەکان بە پێی ئەو کاریگەریانە دەگۆڕدرێت و هەر بۆیە پەیامی زمانی هەڵگری لێکدانەوە و خوێندنەوەی جیاواز دەبێت، بەم پێیەش.

٥- پراگماتیـک ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە دیاریکردنی واتا بە گرنگیـدان بەو چوارچێوەیەی کە زمان تێیدا بەکاردەهێنرێت. پراگماتیک لە واتای وشـــەیی ڕســـتەکان تێدەپەڕێت بۆ تێگەیشـــتن لەو مەبەست و مەبەست و واتا ناڕاستەوخۆیانەی، کە لەلایەن دەوروبەرەوە لە قاڵب دەدرێن.

## سەرچاوەکان :

### ١-بە کوردی :

شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١٤) پراکماتیك، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر
عەبدولواحد موشیر دزەیی (٢٠١٠) واتاسازی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، چاپی یەکەم.
عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیك، چاپی یەکەم. ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

### ٢-بەعەرەبی :

احمد مختار عمر (2006) علم الدلالة، الطبعة السادسة، عالم الكتب، القاهرة .
جوررج فندريس (1950) اللغة،ت، عبدالحميد الدواخلي، محمد القصاص ، كتبة انجلو المصرية، القاهرة.

ســالم ســليمان الخماش (1428) المعجم و علم الدلالة، جامعة ملك عبدالعزيز بجدة، كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية، الجدة.
ستيفن اولمان، (1986) دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، مكتبة شباب. بغداد.
عادل فاخوري، (1989) اقتضــاء في التداول اللســاني, مجلة عالم الفكر، مجلد (20), عدد (3) ج7، كويت. ص141-166.
فرانك بالمر (١٩٩٧) مدخل الى علم الدلاله، ترجمه د.خالد محمود جمعه، مكتبه دار العروبه للنشــر و توزيع – الكويت .
كيمبسون راث (2009)، نظرية علم الدلالة، ترجمة عبدالقادر قنينى، دار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر .
محمد على الخولى (2001) علم الدلالة (علم المعانى)، دار الفلاح للنشر و التوزيع، ردمك .
موريس ابو ناصر, (1982) مدخل الى علم الدلالة الالسني, مجلة الفكر العربي المعاصر عدد, (18-19) بيروت,
١نور الهدى لوشن (٢٠٠٦) علم الدلاله دراسه و تطبيق، المكتب الجامعى الحديث، الازرايطة- الاسكندرية .
يحيى احمد, (1989) الاتجاه الوظيفي ودوره في تحليل اللغة, مجلة عالم الفكر, مجلد (20) عدد (3), ص76-77 كويت.

### ٣- به ئینگلیزی :

AUSTIN,J.L (1970) “perfomative utterance” in philosophy of language , (ed) Martinich, 1990, Oxford, Oxford University press
FIRTH, J.R (1957) “Paper in Linguistics” (1934- 1951) Oxford. University press London
FROMKIN, V, and ROMAN, R. (1983) “An-Introduction to Language” Third end. Holt Saunders, international Editions.
Levinson,S.C.(1997)“Pragmatics” Cambridge. University press.
Lyons.S (1966) in memory of J.R. Firth. Ed. C.E. Bezel et. Longman.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Pragmatics and Meaning Determination in Kurdish Language

**Shaima Saber Hussein**
Ministry of Education of the Kurdistan Region, Directorate of Education of Erbil Center
Email: shaymasabir79@gmail.com

**Prof. Dr. Abdulwahid Musher Mahmood Dizaye**
Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq
Email: abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

## Abstract
The title of the research is (Pragmatics and Meaning Determination in Kurdish Language) External influences are the main reason for not reaching the full or absolute meaning of words, sentences, etc. The importance of this research lies in the fact that it is concerned with the issue of fixing meaning, because the instability of meaning has become a problem in the communication process and causes confusion and misunderstanding and has become one of the negative aspects of the language. This study confirms that pragmatics plays a fundamental role in determining meaning by paying attention to the context in which the language is used. Because pragmatics goes beyond the literal meaning of sentences to understand the intentions, purposes and implicit meanings formed by the environment The descriptive analytical approach was followed in this study. Within the framework of the (pragmatic) theory that examines the impact of external influences on understanding the meaning of words and sentences, because this theory sees meaning as a product of the interaction between language and the environment. The content of the research consists of two chapters: the first chapter deals with meaning and meaning change, the second chapter deals with fixing meaning pragmatically, with a brief presentation in both Arabic and English.

***Keywords***: *Meaning,، meaning change meaning, External ،fixing*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التداولية والتحديد الدلالي في اللغة الكردية


**الملخص**

عنوان البحث هو (التداولية والتحديد الدلالي في اللغة الكردية) إن التأثيرات الخارجية هي السبب الرئيسي لعدم الوصول إلى المعنى الكامل أو المطلق للكلمات والجمل و...... الخ. تكمن أهمية هذا البحث في أنه يهتم بمسألة تثبيت المعنى، لأن عدم استقرار المعنى أصبح مشكلة في عملية التواصل ويسبب الارتباك وسوء الفهم وأصبح من المظاهر السلبية للغة. وتؤكد هذه الدراسة أن التداولية تلعب دورا أساسيا في تحديد المعنى من خلال الاهتمام بالسياق الذي تستخدم فيه اللغة. لأن تتجاوز البراجماتية المعنى الحرفي للجمل لفهم النوايا والأغراض والمعاني الضمنية التي تشكلها البيئة .

تم اتباع المنهج الوصفي التحليلي في هذه الدراسة. في إطار النظرية (التداولية) التي تبحث في تأثير المؤثرات الخارجية على فهم معنى الكلمات والجمل، لأن هذه النظرية ترى أن المعنى هو نتاج التفاعل بين اللغة والبيئة.

يتكون محتوى المناقشة من فصلين: الفصل الأول يتناول المعنى وتغير المعنى، الفصل الثاني يتناول تثبيت المعنى براجماتيا، مع عرض موجز باللغتين العربية والإنجليزية.